**Kurdistan Regional Government**
Council of Ministers
Ministry of Martyrs & Anfal Affairs
Ministers Office

**حكومەتی هەرێمی كوردستان- عیراق**
**ئەنجومەنی وەزیــران**
**وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفال كراوەكان**
**راگەیاندن**

**دوو پرۆفیسۆر لە زانكۆی میسی سپی ئەمریكی لەدیدارێكی وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان:**

## چەكی كیمیایی راستەوخۆ پەیوەندی بە توشبوون بە شێرپە نجەوە هەیە

رۆژی1 شەممە رێكەوتی 2006/10/15 لەدیوانی وەزارەت بەرێز چنار سەعد عەبدوڵلا وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان پێشوازی لە هەردوو پرۆفیسۆر (ئەنوەر شێخە)و (مایكڵ دیهۆفسن) لە( زانكۆی میسی سپی ئەمریكی )كرد كە پسپۆرن لە بواری نەخۆشی شێرپەنجەدا و لەو دیدارەدا باس لەوەكرا كە لێكۆلینەوەیەكی پزیشكیدەكرێت لەسەر قوربانیانی شاری هەڵەبجەی شەهیدو ئەگەرەكانی توشبونیان بەم نەخۆشیە لە ئاكامی بەركەوتنیان بەو چەكە كیمیاییەوە و هەردوو پرۆفیسۆر ئەوەشیان رونكردنەوە كە ئەوان لەروی زانستیەوە دەیانەوێت بیسەلمێنن كە چەكی كیمیایی راستەوخۆ پەیوەندی بە توشبوون بە شێرپەنجەوە هەیە.

لەلای خۆشیەوە بەرێز وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان وێرای سوپاسكردنی ئەو بەرێزانە بۆ ئەنجامدانی ئەو كارە خێرخوازیە هاوكات ئامادەیی و پشتیوانی وەزارەتی دەربری بۆ هەموو ئاسانكاری و پشتگیرییەك لە پرۆژەكەیان و بریارە ئەو پسپۆرانە بەیاوەری شاندێكی وەزارەت سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهید بكەن بۆ لێكۆڵینەوی بەردەوام و هاوكاریكردنی توشبوانی ئەو نەخۆشیە بۆ چارەسەركردن .

E-mail: anfalushahedan@gmail.com
هەرێمی كوردستان : هەولێر – شەقامی سی مەتری – نزیك هۆلی میدیا / ت 2563847